بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ (1)

(ئەی محمد (صلی اللهعلیهوسلم)، ئەی ئیماندار) بڵێ: پەنا دەگرم بەپەروەردگارێك كەبەرەبەیان پێش دێنێت.

مِن شَرِّ مَا خَلَقَ (2)

لەشەڕو خراپەی هەرچی كەدروستیكردووە(لەئادەمیزاد و گیانلەبەرو مارو مێروو...هتد).

وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (3)

وەلەشەڕو خراپەی شەو كەدادێت و دنیا تاریك دەبێت و دەبێت بەشەوەزەنگ.

وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ (4)

وەلەشەڕو خراپەی ئەو كەسانەی كەجادوو دەكەن و پەت و دەزوو گرێ دەدەن و فووی پیا دەكەن (وەبەفێڵ و جادوو نێوان خەڵكی تێكدەدەن).

وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ (5)

وەلەشەڕو خراپەی حەسودو بەخیل كاتێك كەحەسوودی و بەخیلی دەبات.